# عیّراق ... ئایندەیەکی نادیار و ئالّۆز

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com



له سەرەتاوە دەمەویّت ئاماژە بەوە بکەم بەرلەوەی عیّراق لە ئیّستادا کیّشەی تیرۆرست و مەزهەب و بنیاتنانی هەبیّت کیّشەی کلتوری یەکتر قبولّنەکردن و ڕەفزکردنی بەرامبەری هەیە ، کیّشەی عیّراق کوشتن یان مانەوەی سەدام نەبوو ئەوەندەی کیّشەی سڕینەوەی کلتوری بەعسە ، لیّرەوە دوابەدوای تەواوبونی کۆنگرەی نیّودەولّەتی بەغدا ، وەك ئەوەی ڕاگەیەنرا چاوەڕیّی ئەوە دەکریّ لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە کۆنگرەیەکی دیکە لە ئەستەمبولّی ولاّتی تورکیا ساز بکریّ .

دەبیّت ئاماژە بەوە بکەین کە عیّراق ئاشنایەتی هەیە بە کۆنگرە و یەکەم جار نیە ساز بکریّ چ بۆ کەم کردنەوە و لیّخۆشبونی قەرزەکانی سەر عیّراق چ بۆ ئاوەدان کردنەوەی عیّراقی پاش جەنگ کۆنگرە کراوە و بەلاّم کۆنگرەی ئەمجارەش ئەگەر چی بە ئیجابی ناونرا لە لایەن بەشداربوانەوە بەلاّم هیچ دەرەنجامیّکی لیّ بەدی ناکریّت .

عیّراق بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوە هیّزەکان و جگە لە کوشتن و بڕین و فڕاندن و کیّشەی مەزهەبی و دەسەلاّت ، ئەمریکاو ئیّران ، تورکیا ، شیعە و سونە دەیانەویّت بە بیّ گویّدانە هاولاّتیانی مەدەنی و زیان و ژیانیان خۆیان یەکلاکەنەوە بەوەی کە خاوەنی هیّز و دەسەلاّتن و لە کاتیّکدا کۆنگرەی بەغدا دەبەسریّت و ولاّتانی دراوسیّی عیّراق بەشدار دەبن کە ئەوەندەی کیّشەکانی عیّراق پەیوەندی بە ناوخۆی خۆیەوەیەتی ئەوەندە پەیوەندی بە ولاّتانی دەوروبەرەوە نیە ئەگەر چی ئەوانیش دەستیّوەردان دەکەن .

کارەکان بە دوو ئاراستەیە ، هاولاّتیانی عیّراق و حزب وگروپ و دەستە سەربەخۆکانی کە پالّپشتیان ناکریّت لە لایەن ولاّتانەوە دەیانەویّت عیّراق لە زەلکاوی تیرۆر و کوشتن دەرچیّت و ژیان ئاسایی بیّتەوە تیایدا ، ئاراستەی دووەمیش ولاّتانی وەك ئیّران و سوریایە کە نایانەویّت ئەم ولاّتە ئارامی و ئاسایش تیایدا بەرقەرار بیّت چونکە بەرژەوەندیان لەوەدا نیە ، بەرژەوەندی ئەوانە ئارامی و ئاسایش لە عیّراق هەبیّت بە مەرجیّك هیّزەکانی ئەمریکا لە عیّراق نەمیّنن و بگەڕیّنەوە ولاّتی خۆیان لەبەر ئەوەی بە پیّی لیّکدانەوە و تیّڕوانینەکانی ئیّران ئەگەر عیّراق لە ئیّستادا و بە بوونی هیّزەکانی ئەمریکا ئاسایش تیایدا بەرقەرار بیّت مانای سەرکەوتنی ئەمریکا و دواتر لیّدانی ئەو ولاّتەشە کە ئەمریکا ولاّتیّکی وەکو ئیّرانی پیّ قبولّ نیە و بە دەستیّوەردانەکانی ئیّرانیش لە عیّراق دەیەویّت ئەمریکا بێنیّتە ئەو ئاستەی کە ئەگەر دانم پیّدا بنیّت و ئیعترافم پیّنەکەین وەکو هیّزیّك لە ناوچەکە ئەوا مەحالّە بتوانیت سەرکەوتن بە دەست بهیّنیت ، بە پیّچەوانەی ئەمەش ئەگەر عیّراق ئارام نەبیّت و ئیدعای ئازادی و دیموکراسی ئەمریکا بۆ عیّراقی پاش سەدام دەبیّتە گەورەترین شکست بۆی کە هەڕەشەش دەبیّت بۆ سەر خودی ئەمریکا .

تەواوی هەولّ و گوڕ خواردنەوەی ئەمریکا و ناردنی هیّزی زیاتر بۆ عیّراق ، مانای ئەوەیە ئەمریکا دەیەویّت بە هەر شیّوەك بیّت و وەك چەندین ڕیّگەی گرتە بەر ، چەندان ڕیّگەی تر مل بنیّ پیایدا بەس بۆ ئەوەی جەنگی عیّراق بباتەوە ، لەبەر ئەوەی شکستی لەم ولاّتە بە مانای دۆڕانی دیّت بەرامبەر ئیّران و ولاّتانی تری ئیسلامی ، بەرامبەر

بەو وڵاتانەی کە ئەمریکا بە مەترسیان دەزانێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی خۆی ، هەر لەسەردان کردنی چەندین بەرپرسی ئەمریکی و لە نێویاندا کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوە ، راگەیاندنی دانانی ڕاوێژکار بۆ مالکی و ئەگەر نا بەدیل هەیە بۆ حکومەتی ئێستای عێراق ، پێکهێنانی لیژنەی بیکەر هاملتۆن ، هەواڵی پێکهێنانی لیستێکی نوێی نێو پەرلەمانی عێراق و سەردانکردنی زاڵمای خەلیلزاد لەگەڵ عەلاوی بۆ کوردستان .

تورکیا بەرژەوەندی نیە لەوەی کە کاری تیرۆرستی ڕۆژانە چەندین هاوڵاتی مەدەنی بکاتە قوربانی ، بەڵکو بەرژەوەندی لەوەدایە کە عێراق وڵاتێکی پڕ لە کێشمەکێش و ململانێ بێت بۆ ئەوەی لە لایەك ماددەی سەد و چل ئاستەنگ دروست بێت لە بەردەم جێبەجێکردنی و لە لایەکی تریشەوە دوابەدوای سەقامگیری و ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و نەوەك لە ڕیفراندۆمێکدا کورد داوای جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکات ، ئەوەی بەلای وڵاتێکی وەکو تورکیاوە مەبەستە ئەمەیە .
بە هەمان شێوەی ئێران و تورکیاش سوریا بەرژەوەندی لە وەدایە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق شکست بهێنن و پەشێوی و ئاڵۆزی هەبێت ، ئەمریکا بیر لەوەناکاتەوە کە هێرشیش بکاتە سەر سوریا و ڕژێمەکەی بگۆڕێ ئەگەر چی دیموکراتخوازەکانی ڕکابەری ئیدارەی بۆش دەیانەوێت کە لە ئێستادا کۆشکی سپی بڕیاری جەنگ بدات لە دژی ئێران و ئەگەر بە کردەیش جێبەجێنەکرێ بۆ ئەوەی ببێتە هەڵەیەکی زەقتری ئیدارەی بۆش و حزبی کۆماری بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2008 ی ئەمریکا کۆماریەکان شکست بهێنن و دیموکراتخوازەکان ڕێژەی کورسیەکانی کۆنگرێسیان زیاتر بێت .
لە ئاستی ناوخۆی عێراقیش کێشەی کورد کە کێشەیەی مێژوی عێراقە و لە ساتی دروست بونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921 ەوە کورد مافی نەتەوەی و سیاسی و ... زەوت کراوە، دواتر سەرهەڵدانی ململانێکانی نێوان شیعە و سونە و شەڕی ڕانەگەینراوی تایفی و وەرگرتنی دەسەلات و تۆڵە کردنەوە لە سونەکان بەوەی کە کەسێکی سونە مەزهەب چەندین ساڵ بە دیکتاتۆریانە دەسەڵاتی بەڕێوە برد و شیعەکانی بە جۆرەها شێوە چەوساندۆتەوە ، وەك ئەوەی کە بینیمان سەدام بە ئیمزای کەسێکی شیعە لە سێدارە درا و تاوانی بەرامبەر هەموو عێراقیەکان کرد و بەڵام لە دوا ساتدا شیعیانە دەکوژرێت ، نەچونی هاوڵاتیەکی سونە مەزهەب بۆ گەڕەکێکی شیعە نشین و بە پێچەوانەوە ، فراوان بونی میلیشیای مەهدی و دروست بونی تیمی مەرگ و زیاد بونی میلیشیا ، کارنەکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل، ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی کێشەی عێراق کە کێشەیەکی ناوخۆییە بەر لەوەی کێشەیەکی نێودەوڵەتی بێت ، بەڵگەی ئەوەن پاش بینینی دەسەلاتێکی دیکتاتۆریانە کە سی و پێنج ساڵ حوکمی کرد دواتر هەر دەبوو لە ناوبچێت بەڵام ئەحزابی عێراقی و بە تایبەت حزبە تایفیەکان نەیان توانی سود لە ئەزمونی ئەو دەسەلاتە فاشیە وەرگرن و ئێستاش ئامادەنین بە قەناعەتەوە و بە کردەیی بیسەلمێنن کە بڕوایان بە یەکتر قبوڵ کردن و دەنگ و ڕەنگی جیاواز هەیە .
هەموو ئەمانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی ئەگەر چی کێشەی عێراق ناوخۆی یە بەلام سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامیش تیایدا یەکلاکردنەوەی هێزە ، هێزێك کە دەیەوێت تەواوی دەسەلاتی خۆی بسەلمێنێت لە ناوچەکە و هێزێك کە لەو پەڕی دنیاوە نایەوێت لایەنێکی دی ببێتە ڕکابەری و مەترسی دروست ، هەتاوەکو کێشەکانیش نەچنە خانەی گفتوگۆ و دیالۆکەوە بە جەنگ و هێرشی سەربازی چارەسەر ناکرێن و وتەیەك هەیە کە دەڵێت ( جەنگ هۆکارە نەك کۆتای ) ، بەلام جەنگ تاقیکرایەوە و نەهامەتی هێنا و ئەگەر بەم ئاراستەیەی ئێستا کار بکرێت کە ڕێگە چارەی جەنگە دەبێت لە چەند ساڵی داهاتوش عێراق وەك خۆی بمێنێتەوە کە ئێستا تێیدایە و کەواتە ئەوەی کە دواین ڕێگە چارەبێت لە بەردەم لایەنە ناکۆکەکان دیالۆگ و گفتوگۆیە .